# ئامادەکردنی فێربوون بۆ قوتابیانی پێش سەرەتای

## چڕکردنەوەی فێربوونی زمانی فنلاندی بۆ پۆلی یەکەم



### مەبەست لەئامادەکردنی فێربوون بۆ مندالانی شەش سالٚ، مندالانێکە کە لەئێستەدا بەڕادەیەك زمانی فنلاندی دەزانن.

مندالان بەئەندازەیەك تواناى قسەوباسکردنی ژیانی ڕۆژانەیان هەیە بەزمانی فنلاندی. مندالان پێویستیان بە پشگیری فێربوونی قوتابخانەیە لەمبارەشەوە مەسەلە گرنگەکان ئەمانەن :

- تێگەشتن لە بنیاتنانی شتە گرنگەکان
- گەشەپێدانی خەزێنەی زمان
- خۆ بەهێزکردن
- تێگەشتن لە ڕێنمایەکان
- هەروەها ئامادەکاریەکانی تری قوتابخانە.

### ئامانجی فێربوون بەهێزکردنی توانایی زمانی فنلاندیە .

ئامادەکاری ئامانجی فێرکردن بەهێزکردنی تواناى قوتابیانە بۆ فێربوونی زمانی فنلاندی. بۆ ئەوەی لەئایندەدا زمانی فنلاندی ئاسان بێت. قوتابیان لەڕێگەی کارکردن وڕاپەراندنی کارەکانیان پێکەوە ئاشنادەبن بەفەرهەنگە جۆراوجۆرەکان بەشێوەیەکی چۆن یەك لەدەوربەری خۆیاندا.

پاراستن و گەشەپێدانی زمان و فەرهەنگی دایکی ( خۆمالٚی) گرنگە. وەپشتگیری لە خواستی فێربوونی زمانی دایك دەکرێت.

کاری هاوبەش و چڕوپڕ لەنیٚوان قوتابخانە مالٚەوە زۆر گرنگە.

### ڕێکخستنی فێربوون _ هەموو مندلان پێکەوە دەخوێنن لە هەمان گروپی پێش سەرەتایدا لەگەلٚ مندالانی فنلاندی زماندا

ئامادەکردنی گروپی خوێندنی پێش سەرەتایی

- کۆرسەکان زمانی فنلاندی دەبێت
- مندالان لە هەمان گروپی پێش سەرەتایی فنلاندی زمانەکاندا پێکەوە دەخوێنن
- ئامادەکاری فێربوون بەهێز دەکەین
- فێربوون سالێکی خوێندن دەبات
- فێربوونی زمانی فنلاندی لە ڕێگەی کارکردن و یاریکردنیان پێکەوە دەبێت
- مامۆستایانی پۆلەکان قوتابیان فێردەکەن و هەروەها ئاسانکاری ئاشنابوون بە فەرهەنگە جۆراجۆرەکان دەخنە بەردەست
- بۆ هەر مندالێك بەرنامەیەکی فێربوونی تایبەت دادەڕێژرێت بە هاوکاری لەگەلٚ دایك وباوك ( لێپرسراوان)دا
- ئیمکانی داواکردنی سەرپەرشتیاری ڕۆژ( بەیانیان - ئێواران ) بۆ مندالان هەیە
- ئامادەکردنی فێربوون بۆ مندالان بە خۆراییە .

### داواکاری ئامادەکردنی فێربوون

ئەوانەی کە داواکاری فێربوون دەیانگریتەوە مندالٚی خاریجی ، مندالێك کە لە دەرەوەی فنلاند گەڕاوەتەوە ، مندالانی دوو زمانن _جگە لە ( سویدی – فنلاندی ) هەروەها ئەدۆپکراوەکانیش.

**SUOMENKIELISEN OPETUKSEN TULOSYKSIKKÖ**
**PL 31, 02070 ESPOON KAUPUNKI • Kamreerintie 3 B • (09) 8165 2024**

**( KURDI )**